# هەڵەبجە لە سەفەری پایزە ساڵانێدا

ئیسماعیل خورماڵی



(دیارییە بە عومەری خاوەر و خەرمەنی هەموو ئەو قەورانەی هەڵەبجە

کە هەموو باڵندەی ئێمەبوون و بە ژەهر خنکان )

هەموو ساڵێ کە شانزەی سێ ، لەسەفەری پایزە ساڵان دێتەوە ئەو

ئێمە نەبین ، هەموو مەملەکەت گەلی خوا

لەو ڕۆژ و مانگ و ساڵەدا ،

دەکەونەوە مەلەی گوڵ و

تەڕ دەبنەوە بە سوعبەتی شۆخە مەلان

ئێمە نەبین ، ئێمە و ئەم نیشتیمانە نەحەساوەمان

ئێمە نەبین ، ئێمە و ئەم وولاتی پێشەنگەمان ، لە ڕیکۆردی کۆست و خوێندا

پێچەوانەی هەموو ئەو مەملەکەتانەی ، بانەمەڕان

بانەمەڕان ، دەرژێنەوە سوعبەتی پەروانە و گوڵ

دەرژێنەوە ئاوی ڕەنگە خوداییەکان !

ئێمە نەبین

ئێمەش تابێ ، بەر دەبینەوە بەر تافی تاڵی و

بەر تافی قەور و داماوی و

دواین یەکمان

وەک تنۆی ئاوی گۆزە سەوزان ، لە سێوەران

ئەرژێنەوە قاپی دەمپەلی مێژووان و

لە لێوی قاپ

لێوێ ، لە لێوی ئەو چڵە گییانە دەخشێنین

لە وەفای ئەواندا نەبێ ،

بزرە ڕێن و

ڕێ نابەینەوە سەر تەڕایی کۆستەکان !

بزرە ڕێین و

لە لاملی واندا نەبێ ،

شەو کوێری ، شەو (وەفا) خۆمان

جارێتر چاومان بە شیعری ئەو شەونمە ڕەشانە ناکەوێتەوە

لە قەترانی بەیت و بەیتدا ،

لە ئێوارەیەکی سوورمە سا و قورمزی ژەهردا

بە مۆمیایی لەسەر عورفی چامە فیرعەونییەکان

عومەری خاوەر و زارۆکی خاوەریان هەڵگرتووە !

وەک خۆی لە تابووتە کوچەی دەرماڵی (حەمە فەرەج) دا

هەڵاژانی ئەو هەموو قوببە مەخلووقە و

ڕاکشانی ئەو هەموو بەهارە کەنیشکە و

کەف چەڕانی ئەو هەموو ڕەزە ژن و ڕەزە پیاوەیان هەڵگرتوووە !

لە هەموانیش جگەر بڕتر ،

هەڵگرتنی ئەو بەرسیلە مناڵانەی گەڕەکی خەردەل و سێون

کە لە گیانەڵای مەرگێکی هێورەڵەدا

کە لە (با) (شیر)ی (هاوارە)ە مەمی دایە ، دەمیان دەکووتی و

وەک زەرنە قووتەی ناو لانەی چنگە پووشان

لە پوش و خۆڵ دەمیان دەکووتی و

لە(بایی شیر) خۆڵیان دەخوارد !

وەفای ئەو شەونم و چڵە گیایانە نەبایە

ئێمە ئەوەندە سپڵەی ڕۆژە تاریکەکانی لای خۆمانین ،

ئەوان نەبان ، ئەوان نەبان

ڕەنگە جارێتر نەکەوتینایەتەوە بەسەر ماڵی  شین و شەپۆڕدا !

تووش نەبایەین ..

لەم لا سیلەی دەسەڵات و غرووڕەوە

ڕەنگە  سڵاوی ئەنفالیشمان نەدایەتەوە و

تووش نەبایەین ..

ڕەنگە  لەدەرماڵی ئەم شەوە مەخمەڵییانەدا

تەوقەمان لەتەک ڕۆژی ئەم زکرانەدا نەکردایە !

لە بەر لۆمە و عیتابی قەڵەم نەبایە،

ڕەنگە بمان گووت با

کۆڕە و کێیە و کەسەر کێیە و کوڕی کێیە ؟!

لەبەر لۆمە و عیتابی بەفر نەبایە ،

ڕەنگە بمان گووت با

میحنەت کێیە و مێژوو کێیە و کوڕی کێیە ؟!

لەبەر لۆمە و عیتابی خودا نەبایە

ڕەنگە بمان گووت با

شۆڕش کێیە و مزگەوت کێیە و کوڕی کێیە ؟!

گەر وا نەباین  ،  گەر وا سپڵەی مێژوو نەباین

لەم حەوشە بێ پەرژینەدا ، لەم خاکە  بێ باوانەدا

شەماڵەی بێ مەیلیمان سەری لە هەوران هەڵنەدەکوتا و

لووتمان له بۆنی ئەنفال و

لووتمان لەبۆنی هەڵەبجە و

لووتمان له بۆنی کۆڕەو و

لووتمان له بۆنی ڕۆژنامه و

لووتمان له گوفتی قەڵەمی  حەقیقەت بێژ  ،

نەدەگرت و قاڵس نەدەبووین !

گەر وا نەباین

گەر وا سپڵەی مێژوو نەبایەن

مناڵێکی ئەو نیشتیمانەش دەزانێ عاره و عاره و عار

ساڵه و ساڵ بەهاره و بەهار سەر له مەکتەبی خوێن دەدەین !

ڕیشۆڵەیەکی ئەو خاکەش دەزانێ عاره و عاره و عار

ساڵه و ساڵ له بنی جامۆڵکەی مەرامدا

قومێ لەدەسگرتن دەدەین به لێوی (گەرمیان) و لێوی (هەڵەبجە)وه

قومێ لەچاو تێوه بوون  ، دەدەین بەدەم ئەو  هەموو دێ شەهیده وه و

چاوێ له چاوی خیانەت  ، دەدەین بەو هەموو ژنه شەهیده و

وەک ئەوەی له باخەڵی باب و ئەجدادمان هاوردبێ

به دڵ و لێوی منەتەوه جارجارەش

نان و بۆیه بەو مناڵه ڕووتەڵانه دەدەین

که کرێچی ناو جادەن و

کە کرێچی ڕووتەڵەیی لای خۆیانن

ڕووتەڵەی چی ؟ خۆیان (نەوت چی) و بەڵام دەمی (دیوارکۆ) یان ووشک !

ڕووتەڵەی چی ؟ خۆیان (کیسە) فرۆشی سەرجادە و بەڵام (کیسە)یان هەرخاڵی!

عارە و عارە و عارە

بە حوجرەی هەڵەدن عارە

بە زەنوێری (دالانی و پاڵەنیا) عارە

بە پرچی هەڵپاچراوی (گەزیزەکانی خورماڵ) عارە

بەقەدە ژمارەی هەموو هەسارەکانی خودا عارە و

بە قەد ژمارەی (بلۆکی خەزنەکانتان) عارە و

بە قەد چڵپاوی کووچەکانی هەڵەبجە عارە و

بە قەد قامچی پشت زیندانیەکانی قەڵەم عارە و عارە و عار

لێ ئەی شار لەتەک ئەو هەموو عارانەدا

دەخیلتبم

وەی خەڵوزاوەکەی گۆران ،

وەی ماڵەکەی پاشا و ئەشعاری (بەگی) جووان

وەی کانیلەی (نەی) و لە (نەی)ی خوڵقاو ،

تو بی و خوا

وە بانگ و سەلای ئەم شیعرەم قاڵس مەبە و بۆژۆ مەبە

دڵم وەک (بەڕووی ناو پشکۆ)وان دەتەقێ

ئەگەر نەڵێم :

وەی هەڵەبجە

وەی ماڵی خوێن

زۆر بوون  زۆر  ،  ئەوانەی دوێنێ دەیانکردیتە بەرسیلە و وەسیلەی سواڵ

ئێستەش هەر ئەوان ، هەر خۆیان

هەر خۆیان خۆیان یەع لە چڵپاوی گۆمەڵتاوێکی زمسانەی

بەر باخەڵی کووچەیەکت دەکەن !

زۆر بوون زۆر ، ئەوانەی دوێنێ لە ماڵ و

قەداسەتی یەسووع  و  پێغەمبەرەکانی خودادا دەیانبینیت

ئێستەش هەر خۆیان  ،  هەر خۆیان

دەسڕ و کەمامە لە تۆزی سەر سەرەڕێی دوو هەنارە گوندت دەگرن

ئەی (تریفە) (بەردت لێ واریێ) کێ کردی و کێ خواردی ؟

کێ کردی و کێ  ،  وە زیخەڵانی سەرە ڕێت قاڵس دەوێ ؟

ئەی (گریانە و پریس و هاوار ) موغارتان لێک هەڵوەشێ

کێ کردی و کێ ، کێ وە سکالاتان قاڵس ئەوێ و ناشنەوێ !

وەی (سازان) وەی سازانی خودا چەم و چەم باخ

(بەردە باز و پردە دارت ) لێک بەر بوێ

کێ کردی و کێ ، کێ لەزام و برینانت هەڵدێ ؟

کێ خەڵتانی ژەهری کردی و

هەنووکەش کێ ،

هەنووکەش کێ

کێ

داڵدەی ( خوداپیاوانی خەردەلە) و

کێ

داڵدەی (خودا پیاوانی ئەنفالە )

ئای کە عارە

دەک خودایە ، غەوری غەزەبی لای تۆ بن

هەر کەسێ سەوەو کاری لە دار نەدانی ئەو سەگانەن !

هەر کەسێ وە (وەجاخی لەشکری وولات) دەیانبینێ !

ئاخەر گێلن

گێلی گەورە و

گەورە گێلن

دەنا

لەشکری چی ؟

کە تۆ زەمانێ گووندت بە پێوە نەما و

گەلا مەخلووقت بە چڵی ژیانەوە نەما و

ئاو و زەوی و ئاسمانیشت ،

لە(عەنەوی) هەنار و میوەجاتەوە ،

هەتا ملەی لای بادینان ،

شارت نەما ،

وەک نوح  قەیاغ و بەلەمیان لە خوێن پڕ نەویێ

ئیدی  ، وەجاخی چی و لەشکری چی ؟!!

لێ هەڵەبجە تو بی و گۆران ،

توبی و گەشتەکەی لای قەراخ

تو بی و سێوەرسانی هەورامانم

تو بی و عەواوەیلێ و گۆڕەکەی عادیلە خانم

ئەمجارەش بە گلەیی و دڵشکانی خۆت مەکە لە تەکیاندا

هەر ئەمجارە (کانییەشقان) بخەوە سەر بەزمی (ڕاپەڕین)

ڕاپەڕینێ لە ڕاپەڕین

هەزار و یەک (مەریوان ) بنێ بان جادە

لێ شارەکەم

وەی (ڕۆما)ی قەیسەر و نەمروود

بە میوانی گوڵانت کەم

وەی گوڵا و گوڵ  نیشتیمانی (ڤانکوخ) و

وەی چڵاو چڵ ، سەوزە ووڵاتی  (لۆرکا) ت بە میوان کەم

ڕاکە سەر منارەی پاشا و

لە بانگێکی عیشاییدا

لەوسەری کانییەشقانەوە

تا ئەوپەڕی (عەنەو) ڕاچڵەکێنە

لێ بانگێ ، حەبەش و مەککەش بێنێتە جۆش

لێ بانگێ ، حەبەش و مەککەش بێنێتە نوێژ

خۆت نەبی کێ ،

بانگت بە گوێی ئەم دنیا کەڕەواڵەدا

دەگەیەنێ و

خۆت نەبی کێ ،

کێ پەنجە لە چاوی ڕەقیبانت دەنێ ؟!

خۆت نەبی کێ

کێ لەسیروانی سەبووریت دەنێ ؟

خۆت نەبی کێ

ڕێ و بانت بە شووشە دەکا و

نانت لە دەم ئەنێ و

خۆت نەبی کێ ،

کێ دەفی هاوارت دەکوتێ ؟!

مارسی 2008/ ئەڵمانیا